
# کورتە ژیاننامەی ح س سۆران:



حەسەن سەلاح سۆران، لە ١٩٤١/٩/٢٣لە ئاوایی ساروقامیش، لە ناوچەی بۆکان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە دنیا. بابی لە بنەماڵەی بوداق سوڵتان (لە فەرمانڕەوایانی موکری) و دایکی لە بنەماڵەی ئەردەڵانە، کە بنەماڵەی ئەردەڵانیش چەند سەدە فەرمانڕەوای کوردستانی گەورە بوون.

سۆران بێجگە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری لەندەن، لە کولیژەکانی Stanford، Sent George، Trinityلە ئینگلستان زمانی ئینگلیسی خوێندوە و وەک پسپۆڕی زمانی ئینگلیسی لە تاران کار دەکات و لە ساڵی ١٩٦٥ هەتا ئەمڕۆ، وەک شاعیرو نووسەر و وەرگێر بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی و شەش زمانی دیکە، پێشکەش دەکات، کە گوڵبژێرێکیان بەم چەشنەیە:

١. فەیزوڵابەگی یەکانی بانی بۆکان، بە زمانی ئاڵمانی، هاوبەش لە گەڵ دوکتور W. Rudolf. ئەم کتێبە لە لایەن دوکتور ن. عەبباس ئەحمەددەوە، هەڵگەڕاوەتە سەر کوردی.

٢. شەجەرەی بنەماڵەی بەگزادە، بە زمانی فارسی، لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری تەورێز چاپ کراوە.

٣. دیوانی سۆران، هەڵبژاردەی هونراوەکانی لە ساڵی ١٩٦٦، لە تەورێز چاپ کراوە. ئەمە هەوەڵین کتێبی کوردی بوە، کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئەلفوبێی کوردی چاپ بوە.

٤. ئەشکەنجە و کوشتاری بنەماڵەیکی کورد، بە زمانی ئینگلیسی، ساڵی ١٩٧٨ لە لەندەن چاپ کراوە.

٥. .هونراوە و پەخشان، کۆمەڵە هونراوە و پەخشانی کوردی، چاپی تاران.

٦. کەماجار، کۆمەڵە هونراوەی کوردی، لە تاران چاپ کراوە.

٧. زمان وئەدەب، باسی زمان و ئەدەبی کوردی، چاپی تاران.

٨. کتێبخانەی سۆران ( بیبلیۆگرافی کوردی) ، لە سێ بەرگدا بە زمانی کوردی، کە لە ساڵی ١٩٧٦ هەتا ئێستا کاری لە سەر دەکرێ. بەرگی هەوڵ ساڵی ١٩٧٩ لە لەندەن چاپ کراوە.

٩. داری مازو، باسی هەمە ڕەنگی زمان و ئەدەب بە زاراوەگەلی سۆرانی، هەورامی، کەڵوڕی، لە تاران چاپ کراوە.

١٠. کانی سارد، پەخشانی ئەدەبی کوردی، لە تاران چاپ کراوە.

١١. باڵە کۆلارە، باسی نامە نووسین و زماننا‌سی کوردی لە تاران چاپ کراوە.

١٢. یاسای هەتاو، رۆمانی کوردی لە ژێر چاپ دایە.

١٣. ناوی کیژان و کوڕانی کورد (ناونامەی کوردی) ، لە ژێر چاپ دایە.

١٤. بەیان، کۆمەڵە هونراوەی کوردی، لە ژێر چاپ دایە.

١٥. یاسای هەتاو ( رۆمان) ، بە زمانی کوردی - چاپ دەکرێ.

١٦. فەرهەنگی فارسی ـ کوردی (بچکۆلانە) ، بەر لە ساڵی ١٩٧٩، چاپ کراوە.

١٧. دەیان وەرگەڕاندنی بابەتی زانستی، فەننی و تێکنۆلۆژیکی، لە زمانگەلی ئوروپی بۆ سەر زمانی فارسی.

١٨. ناسنامەی فەرهەنگی ح. س. سۆران، بە فارسی ( کە بریەتیە لە ئۆتۆبیۆگرافیەکی فەرهەنگی.

١٩. چاپی ژمارەیکی زۆر وتار لە سەر زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، لە گۆڤار و تۆرە ئینتێرنێتیەکاندا.

۲۰. بەشداری کردن لە دەیان کۆڕ، کۆمەڵ و سمینار و پێشکەش کردنی هونراوە و وتار، لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات، بە زمانگەلی جۆربەجۆر و بەشداری کردن لە دەیان وتوویژی رادیۆیی و تێلێڤیزیۆنی.

۲۱. نووسەر و وێژەری بە شی ناوداران و فۆلکلۆری کوردی رادیۆ.

۲۲. وتنەوەی دەرسی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانستگەی عیلم و سەنعە و زانستگەی بەهەشتی تاران و هەروەها لە ناوەندی کۆڕی کوردانی تاران (KKT) .

۲۳. ئەنجام دانی دەیان وتوویژی رادیۆیی، تێلێڤیزیۆنی، رۆژنامەیی، گۆڤاری و ئینتێرنێتی.

حەسەن سەلاح سۆران ئەمڕو دانشتووی شاری تارانە و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی **کۆڕی کوردانی تاران (KKT) ە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت